# پرۆگرامێکی بەسوود و ئاسان بۆ کۆپی کردنی CD

بۆ کۆپی کردنی CD، DVD پرۆگرام گەلێکی زۆر هەن، کە هەر کام لەوانە تایبەتمەندی خۆیان هەیە و بەپێی تایبەتمەندی و تواناکانیان قەبارەکەشیان جیاوازە. پرۆگرامی nero یەکێکە لە بەهێزترین پرۆگرامەکان لەوبوارەدا، بەڵام رەنگە ئەو پرۆگرامە بۆ ئەوانەی کە تازە دەیانهەوێ ئەوکارە بکەن، بەکارهێنانی دژوار بێ. پرۆگرامی CD Duplicate Master یەکێکە لەو پرۆگرامە باشانەی کە بۆ کۆپی کردنی CD، DVD زۆر بەهێزە و هەروەها بەکارهێنانیشی زۆر ئاسانە. پرۆگرامەکە لەسەر گشت سیستەمەکانی کۆمپیوتەر دادەبەزێت. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەکرێ جۆری فۆرماتەکانی دەنگ و رەنگ بگۆڕی و هەروەها دەتوانی ئەو CDیانەی کە توانای سڕینەوەیان هەیە، بسڕیەوە.




# پرۆگرامێک بۆ کولاژ



گەر ئەو وێنانەی بە کامێرا دیجیتالییەکان دەیانگرن، حەز دەکەن گۆڕانکاری بەسەردا بێنن و چوارچێوە و ئیفێکتی جۆراوجۆری بۆ دابنێن تا جوانتر و سەرنجڕاکێشتر بن. پرۆگرامی فۆتۆشۆپ بۆ جیهانی گرافێك لەناو پرۆگرامەکانی دیکەدا لە ریزی یەکەم دایە، بەڵام ئەوانەی کە زۆر شارەزا نین بەسەر ئەو پرۆگرامەدا ناتوانن بە باشی سوودی لێ ببینن. لێرەدا پرۆگرامێکتان پێ دەناسێنین کە لەگەڵ ئەوەیدا بەکارهێنانی زۆر سەخت نییە،

# جیهانی یاری ئەلکترۆنی ناساندنی یاری Birdie Shoot 2




لە ژمارەکانی پێشوودا، بەڵێنمان دا بە پێی پێویست، هەرجارەی یارییەکتان پێ بناسێنین، یاری ئەلکترۆنی بۆ بردنە سەری زەینی مرۆڤ بەتایبەتی منداڵان زۆر بەسوودە، بەڵام نەك ببیتە خویەکی هەمیشەیی. لەم ژمارەیەدا باس لە یاری Birdie Shoot 2 دەکەین. پێویستە بۆ ئەم یارییە چەکەکەت ئامادە بکەی و هێرش بکەیە سەر ئەو باڵندانەی کە هێرش دەکەن. گەمەکە زۆر سەرنجڕاکێشە. بەڵام ئێوە نابێ هەموو باڵندەیەك بکوژن، بگرە ئەو باڵندانە بکوژن کە زیان بەخشن. هەوڵ بدەن گوللەکانتان لە شوێنی خۆی بەکار بێنن، ئەگینا گوللەتان لێ دەبڕێ. یارییەکە بۆ گشت تەمەنەکان دەگونجێت. یارییەکە چوار قۆناغی هەیە و لە بواری گرافیکیەوە سەرنجڕاکێشە. لە یارییەکەدا خەڵاتی جۆراوجۆر هەیە کە بەپێی بڕینی قۆناغەکان دەتوانن بەدەستی بێنن.

# ئەو پرینتەرانەی کە تەنیـ



لە جیهانی تەکنۆلۆژیای دیجیتالیدا، پرینتەر رۆڵێکی گرنگ دەبینی، پرینتەرەکتان بەپێی جۆر و ئەرکەکانیان جیاوازن، بەڵام لەم دواییانەدا لەلایەن کۆمپانیایەکی ژاپۆنی پرینتەرێك بەرهەم هاتووە کە تەنیا یەکجار سوودی لێوەردەگیرێ. پاش ئەوەی کە کە تونەر یان کاتریجی پرینتەرەکە

# کــردنی وێنەکانتان



توانایەکی زۆریشی هەیە بۆ جوانکردنی وێنەکان. پرۆگرامی PhotoShine پرۆگرامێکی بەهێزە بۆ چوارچێوەدانان لەســەر وێنە. لەراستیدا ئەو پرۆگرامە بۆ کۆلاژکردنــی وێنەکانە. چوارچێوە و ئیفێکتەکانــی پرۆگرامەکــە زۆرن، نزیکەی 700 چوارچێــوەی تێدایە. پرۆگرامەکە بەکارهێنانی زۆر ئاسانە، تەنیا بە چەند کلیکێك لەســەر وێنەکە دەتوانی بگــەی بــەو ئامانجەی کە مەبەستتە. بۆ دابەزاندنی پرۆگرامەکە سەیری ئایتی گولان بکە.

# فیلتەری Topaz remask لە فۆتۆشۆپدا بناسن



جیاکردنەوەی وێنەیەك لە باکگراوندێك تەنانەت بۆ ئــەو کەســانەی کە شــارەزاییەکی زۆریشیان لەســەر پرۆگرامــی فۆتۆشــۆپ هەیــە تا رادەیەك دژوارە، پێویستی بە وردبینی و شــارەزایی هەیە. هەرچەندە لەلایەن چەندین کۆمپانیای دیکە هەوڵ دراوە چەندین فیلتەر بەرهەم بێنن کە ئەرکی جیاکردنەوەی باکگراوند واتە پشتەوەی وێنەکان جێبەجێ بکەن. یەکێك لەو فیلتەرانەش فیلتــەری Topaz Remask. فیلتەرەکە پرۆگرامێکی زۆر بەتوانایە بۆ لێك جیاکردنــەوەی وێنەکان لە باکگراوندەکەیان. وردبینییەکی زۆری تێدایە. فیلتەرەکە زۆر بە ئاسانی دادەبەزێتە سەر پرۆگرامی فۆتۆشۆپ.

# ـــا یەکجار سوودیان لێوەردەگیرێ



واتــە حیبرەکەی تەواو بــوو، پرینتەرەکەش سوودی نامێنێ. لەو پرینتەرەدا بەکارهێنەر دەتوانێ بەشێوەی دەستی خێرایی و کوالیتی ئەو لاپەڕەیە رێك بخات کە پرێنتی دەکات. پرینتەرەکە پێویســتی بە وزەی کارەبا نییە و خۆی پاتری لەسەرە. پێکهاتەی سەرەکی پرینتەرەکە کاغەزە.

# دەتهەوێ بزانی خێرایی هێڵی ئینتەرنێتەکەت چەندە؟

کۆمپانیاکانــی خزمەتگــوزاری دابەشــکردنی هێڵی ئینتەرنێت ئێستا لــە هەرێمی کوردســتاندا زۆر بوونە، هەرکام لەوانە لە ریکلامەکانیاندا باس لــەوە دەکەن کە خێرایی هێڵەکەیان زۆر لەســەرێیە. بۆ ئەوەی کــە بە وردی بزانین هێڵــی ئینتەرنێتەکەمان چەندە سەر لە ســایتی Bestnetcralft بدەن. ئەو ســایتە بەتــەواوی خێرایی راســتەقینەی ئینتەرنێتەکەتــان پێ دەڵێت. ســایتەکە بۆتان روون دەکاتەوە کە ئەوپەڕی خێرایی هێڵەکەتان چەندە. دیارە شــێوازێکی دیکــەش هەیە بۆ زانینی خێرایی هێڵی ئینتەرنێت ئەویش ئەوەیە کــە بۆ ماوەی چەند چرکەیەك ماوســەکەتان لەسەر هێمای ئینتەرنێت کــە وەك دوو کۆمپیوتــەر دەچێــت رابگرن. ئەو ژمارەیــەی دەردەکەوێت دابەشی سەر 8ی بکەن، ئەوە خێرایی ئینتەرنێتەکەتانە.



# موبایل بەرەو دیزاینی


### بەشی یەکەم

کەم ژمارە هەیە لە فایلی ITادا باسی گرنگی مۆبایل و شێواز و چۆنییەتی کار و ئەرکەکانیان و. تاد نەکرێ. لێــرەدا باس لــە کارایی مۆبایلەکان ناکەین، بەڵکو باس لـــەوە دەکەین کە لە داهاتوو شـــێواز و جۆری قەبارەی مۆبایلەکان چی لێدێ. دیزاینی مۆبایلەکان بە چ شێوەیەك دەگۆڕدرێن. لێرەدا باسی چەندین جۆری مۆبایل دەکەین کە رەنگە لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا لە بازاڕدا ببینرێن.



## هاندی Snake

مۆبایلێك کـــە وەك کاتژمێر لە پەنجە بکرێ، رەنگە ســـوودی گرنگی ئەوە بێ کە نـــە دەدزرێ و نـــە ون دەبێت. ئـــەم مۆبایلەی کە لـــە وێنەکەدا دیارە مۆبایلـــی جـــۆری snake کە بە مانای مار دێت.




## هاندی kinetic

ئەو هاندەی دەبینین وزەی پێویســـتی بەگەڕخســـتنی لە جوڵـــەوە وەردەگرێ. ئەو هاندە دەکرێ وەك جانتایەکی بچووك بکرێتەوە و دابخرێ. ئەو هاندە کێبۆردێکی فیزیکی لەگەڵدایە و دوگمەکانی لەسەر چوارچێوەی هاندەکەوە بە بەرجەســـتەیی دەبیندرێن.

# چەند پێشنیارێکی گرنگ بۆ ئەوانەی بەردەوام لەسەر کۆمپیوتەرن



کۆمپیوتەر لەگەڵ ئەوەیدا ئامێرێکی ســـوودمەندە، بەڵام گەر بەردەوام لەســـەر کۆمپیوتەر کار بکەی، تووشـــی چەندین گرفتی جەستەیی و دەروونی دەبی، یەکێك لەوانە سۆما و بینایی چاوە.

دکتۆر جنیفەر ئاشـــتون پســـپۆڕی ئەو بوارە دەڵێت: ماندووبونی چاو ئەو نەخۆشیەیە کە لە دانیشتنی بەردەوام لەسەر کۆمپیوتەر سەرهەڵدەدا، نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە بریتین لە ماندووبونی چاو، وشکبوونی چاو، ماندووبونی جەستە و سەرئێشەی بەردەوام.

دکتۆر جنیفەر ئاشتون چەندین شێوازی چارەی بۆ باشتربوون و کەمکردنەوەی ماندوویەتی چاو پێشنیار کردووە. ناوبراو دەڵێت، ئەوەی بەردەوام لەسەر کۆمپیوتەرە دەبێ زوو زوو چاو لەسەریەك دابنێت، چونکە بەو کارە چاو تەڕ دەبێت و ماندوو نابێ.

شێوازی دووەم یاسای 20/20/20ە واتە، لە مەودای هەر 20 خولەکدا، 20 چرکە سەیری مەودایەك بکە کە 20 پێ لە تۆوە دوورە. شێوازی سێیەم، پێویستە ئەو شوێنەی کۆمپیوتەری لێیە رووناکی پێویستی هەبێ، باشترە رووناکی لەسەرەوەی کۆمپیوتەر یان بەکارهێنەرەکە بێت، نەك بەرامبەری کەسەکە. هەروەها کۆمپیوتەر نابێ بە جۆرێك دابندرێ کە رووناکی پەنجەرە یان رووناکی دیکە تێیدا تیشك بداتەوە.

دوایین پێشـــنیاری دکتۆر جنیفەر ئەوەیە کە دەبێ شاشـــەی کۆمپیوتەر 15 هەتـــا 20 پلە لە خوار چاوەکانتانەوە بێت. هەروەها دەبێ 50 «ســـم»یش مەودای هەبێ لەگەڵ چاوەکانتان.

# خەیاڵی دەرواڵ



## هاندی شوشەیی

ئەو هاندەی کە دەبینین بە تەواوی روون و شەفافە، دەکرێ زۆر بە ئاسانی پشتەوەی مۆبایلەکەوە ببینی هەروەك شووشەیەکی روون وایە. تەنانەت شوێنی پەنجەکانیش بەسەر جامەکانی مۆبایەکە دەمێننەوە.




## نۆکیای مۆرف

مۆرف واتە گۆڕانکاری بەو شێوەیەی کە حەزت لێیەتی، کاتێك نۆکیا ئەو مۆبایلەی داهێنا دەیویست ئەوە دەربخات کە تەکنۆلۆژیای نانۆ چۆن دەتوانێ ئامێرە دیجیتاڵییەکان گۆڕانکاری بەسەردا بێنێ. ئەو مۆبایلە بەو جۆرەی کە حەز لێیەتی گۆڕانکاری بەسەر دادێت.





## هاندی Bendi Touch

ئەو هاندەی مۆبایل کە هاندێکی تەواو لەمسییە، لەلایەن دیزاینەرێکی دیجیتاڵی ئۆکرانی بەرهەم هاتووە، شاشەی ئەو هاندە لە راستیدا دوو بەرابەری شاشەی واقیعی خۆیەتی، لە بەشێکی شاشەکەدا دەکرێ ئەرکەکانی ئینتەرنێت ئەنجام بدەی و لەبەشەکەی دیکەدا دەتوانی سەیری ڤیدیۆ بکەی.

# شێوازێکی ئاسان بۆ کۆنترۆڵ کردنی control panel

Control panelی کۆمپیوتەر، ئەو شوێنەیە کە زۆرترین ئەرکەکانی تایبەت بە هاردوێر و سۆفتوێری کۆمپیوتەر لەودا جێگەیان گرتووە. بەڵام بۆ کردنەوەی control panel دەبێ لەسەرەتادا لە بەشی تولباری start ئایکۆنی کۆنترۆڵ پەنەل ببینیەوە و پاشان بیکەوە و دواتر بچیە سەر بەشەکانی. شێوازێکی زۆر سادە هەیە بۆ ئەوەی ئەو رێگەیانە نەگریە بەر.




لەسەرەتادا لەسەر taskbar کلیکی لای راست بکە و فەرمانی Properties هەڵبژێرە، دواتر کلیك لەسەر فەرمانی start menu بکە و پاشان دوگمەی customize لێبدە. لە لیستی خوارەوەی کۆنترۆڵ پەنەل فەرمانی display as a menu هەڵبژێرە و پاشان پەنجەرەکە دابخە. ئیدی لەمەوبەولاوە لە مینۆی ستارت دەتوانی گشت بەشەکانی کۆنترۆڵ پەنەل ببینی.


www.gulan-media.com/it
بەرپرسی فایلی ئایتی: سەنگەر شنۆیی: بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504514008 Email: it @gulan-media.com